www.kurdistannet.org
6-8-2003 10:12

# (ریفراندۆم) پێویستی به‌ به‌رنامه‌ و په‌یڕه‌وێكی مودێرن و چالاكه‌

هشام ئاكره‌یی

هێشتا ده‌ستووری عێراقی داهاتوو ده‌رنه‌كه‌وتووه‌ و گه‌لی عێراق رای خۆی له‌ سه‌ری نه‌داوه‌، ده‌نگی نارِه‌زایی هه‌ندێ له‌ رۆشه‌نبیران و هاوڵاتیانی عه‌ره‌بستانی عێراق، به‌رزبۆته‌وه‌ و ده‌ڵێن كورده‌كان ده‌یانه‌وێت به‌زۆری فیدرالیه‌ت له‌ سه‌ر عێراقدا، بسه‌پێنن. ئه‌مه‌ به‌ قسه‌ی ئه‌وان دژی پرنسیپه‌كانی دیموكراسین و نابێ فێدڕالیه‌ت له‌ سه‌ر عه‌ره‌بی عێراق و توركمان و كه‌مایه‌تیه‌كانی تر (فه‌رز) بكرێت له‌ سه‌ر خاتری كورد. نووسه‌ری عه‌ره‌ب (علا اللامی) ده‌ڵێت " ئه‌م فێدراليه‌ته‌ بۆته‌ مه‌رج له‌ لایه‌ن كوردی كه‌مینه‌وه‌ به‌ سه‌ر ئێمه‌ی عه‌ره‌بی زۆرینه‌ و هه‌موو عێراقیه‌كانی تر" (ماڵپه‌ری كتابات رۆژی 4 ی مانگی هه‌شت) . ئه‌م بیرۆكه‌یه‌ عێراق به‌ره‌و پارچه‌بوون ده‌بات. هه‌ڵبه‌ته‌ حه‌قی برا عه‌ره‌به‌كانه‌ ئازادانه‌ رای خۆیان له‌ سه‌ر سیستمی فێدرڕالی بده‌ن و ئێمه‌ وه‌ک كورد بۆمان نیه‌ ئه‌م سیسته‌مه‌ له‌ سه‌ریان، بسه‌پێنین. هه‌روه‌ها ئه‌وانیش له‌ مه‌ودوا ناتوانن به‌زۆری بمان به‌ستن به‌ عێراقه‌وه‌. واته‌ ده‌بێ سه‌ر له‌ نوێ و له‌ بنه‌ڕه‌ته‌وه‌ عێراقێكی تازه‌ دروست بكرێت و هه‌موو گه‌لانی عێراق ئازادانه‌ رای خۆیان بده‌ن له‌ سه‌ر ئه‌و شێوه‌یه‌ی ئه‌و گه‌لانه‌ده‌یانه‌وێت.

هه‌ڵبه‌ته‌ ئه‌مه‌ ته‌نیا رای ئه‌م نووسه‌ره‌ عه‌ره‌به‌ نیه‌، به‌ڵكوو چه‌ندین كه‌سانی تری عه‌ربی عێراق، هه‌مان بوچوونیان هه‌یه‌. گه‌لان و پارته‌كانی عه‌ره‌بستانی عێراق بوونه‌ته‌ دوو به‌ش. یه‌ک، پارته‌ ئیسلامی و نه‌ته‌وه‌یی‌یه‌كانی، كه‌ راسته‌وخۆ دژی ئه‌و فێدڕالیزمه‌ن كه‌ كورد داوای ده‌كه‌ن و دوو، لایه‌نه‌ دیموكرات و چه‌په‌كان، كه‌ فكرێكی پێگه‌یشتووی كونكرێتی گه‌ڵاڵه‌كراویان نیه‌، ده‌رباره‌ی كێشه‌ی كورد.

تاوه‌كوو ئێستا، راگه‌یاندن و میدیای نه‌ته‌ویی و ئیسلامی عه‌ره‌ب نه‌كه‌وتۆته‌ كار، چونكه‌ پرۆژی دستووری فێدڕالی ئاماده‌ نه‌كراوه‌ و نه‌كه‌وتووه‌ به‌رده‌ستی گه‌لانی عێراق بۆده‌نگدان له‌ سه‌ری. ئێمه‌ دیمان كاتێ ئه‌نجوومه‌نی كاتی له‌ عێراق، هه‌زاران تاوانیان خسته‌ پاڵ ئه‌و پارتانه‌ی به‌شداربوون له‌ ئه‌نجوومه‌نه‌كه‌دا و به‌ تایفه‌گه‌ری و مه‌زهه‌بی تاوانباركران، كه‌ناڵه‌كانی وه‌ک عه‌ره‌بیه‌ و الجزیره‌ دونیا خراپ ده‌كه‌ن بۆ ئه‌وه‌ی عێراقێكی ئاسووده‌ و یه‌كسان دردست نه‌كرێت و گه‌لی عه‌ره‌بی عێراق رازی نه‌بێت ده‌نگ بۆ فێدرالزمی كوردستان بدات.

سه‌رده‌مێكی درێژ زۆربه‌ی گه‌لانی عێراق ته‌نیا فێره‌ وشه‌ی (به‌ڵێ) كرابوون له‌ لایه‌ن سه‌ددامه‌وه‌. مه‌ترسی هه‌ره‌ گه‌وره‌ ئه‌وه‌یه‌ ئه‌و گه‌له‌ له‌مه‌و دوا بڵێن (نا) بۆ هه‌موو شتێک وه‌ک ئه‌نجامێكی چه‌وسانه‌وه‌ی ده‌یان ساڵ. ئه‌و (نا) یه‌ی گه‌لانی عێراق لێی بێ به‌ش به‌درێژایی حوكمی سه‌ددام. یانیش گه‌لانی عێراق هه‌ر بڵێن (به‌ڵێ) به‌ڵام ئه‌م جاره‌ بۆ كه‌ناڵی العربیه‌ و الجزیره‌ نه‌ک بۆ بڕیاره‌كانی ئه‌نجوومه‌نی حوكومی عێراقی سه‌ر به‌ئه‌مریكا به‌ قسه‌ی ئه‌و كه‌ناڵانه‌.

واته‌ گۆڕانكاری گه‌وره‌و چاوه‌ڕوان ده‌كرێن، له‌ سیاسه‌ت و بوچوونی پارته‌ سیاسیه‌ عه‌ره‌به‌كان و گه‌لی عه‌ره‌بستانی عێراق وله‌وانه‌یه‌ ئه‌و فێدڕالیه‌ته‌ی، كورد داوای ده‌كات په‌سه‌ند نه‌كرێت له‌ لایه‌ن گه‌لی عه‌ره‌بستانی عێراقه‌وه‌. ئه‌وه‌ ئه‌گه‌ر فێدرالیه‌ت له‌ پرۆژه‌ی دستووردا، په‌سه‌ند بكرێت.

له‌ گه‌ڵ هه‌بوونی بیرۆكه‌ی كورد بۆی نیه‌ فێدرالیه‌ت به‌سه‌ر عێراقدا فه‌رز بكات و عه‌ره‌بیش بۆی نیه‌ بڕیار له‌ سه‌ر چاره‌نووسی گه‌لی كورد بدات له‌ باشووری كوردستان و له‌ گه‌ڵ مانه‌وه‌ی هێزی هاوپه‌یمانان و نه‌ته‌وه‌ یه‌كگرتوه‌كان له‌ عێراق و سووربوونی ئه‌مریكا له‌ سه‌ر هه‌رێمێكی ئازاد و دیموكرات له‌ رۆژهه‌ڵاتی ناوه‌ڕاست، مه‌سه‌له‌ی ڕیفراندۆم دێته‌ پێش وه‌ک چاره‌سه‌ره‌كی تاقانه‌ بۆ كێشه‌ی كورد له‌ باشووری كوردستان.

ڕیفراندۆم کات و شوێن و بارودووخی خۆی هەیە. ئەگەر هەر یەک لەو فاکتەرانە لە پشت گوێ خران یان گۆڕران، کار دەکاتە سەر چارەنووسی باشووری کوردستان و (ئیمکانیەت) ی بەڕێوەبردنی ڕیفراندۆم.

بۆیە دەبێت هەر لە ئێستاوە دەست بە ئاڤاکردنی دەزگاکانی ئامادەکاری بۆ ڕیفراندۆم بکرێ بە ڕەچاوکردنی کۆمەڵێ خاڵی گرنگ.

» ڕاپرسی بە گەلی باشووری کوردستان دەکرێت، بۆیە دەبێ جەماوەری ئەو دەڤەرە بکرێت بە ئامانج و بێتە قسە و قسە بۆی بکرێت و ڕووبەرێکی گەورە بە ڕاگەیاندنی پەیوەست بە جەمارەوە بدرێت. وەک، نووسین، سمینار، چاوپێکەوتنی ڕاستەوخۆ، ڕادیۆ، تەلەفزیون، ڕۆژنامە، کۆکردنەوەی دەنگ، ناردنی نامە و هتد.

» لایەنی خاوەن بڕیار بۆ بەڕێوەبردنی ڕیفراندۆم، هاوپەمانان و نەتەوەیەکگرتوەکانە، بۆیە دەبێ بەشێوەیەکی مودێرن و ئەرکیومێنتی دیموکراتیانە و چالاکی دیموکراتی، هەوڵ بدرێت ڕەزامەندی و پشتگیری ئەوان وەربگیرێت. بۆ ئەو مەبەستە دەبێ گرنگی بدرێتە نووسین و ڕاگەیاندن بە زمانی ئینگلیزی و پەیوەندیە دیبلوماسی و سیاسسیەکان.

» پەیوەندی بە پارتەکانی باشووری کوردستانەوە بکرێت بە مەبەستی پاڵپشتی و بەشداری لە چالاکیەکان و گرتنی جێگای گونجاو و ئاسایی خۆیان لە پرۆسەی ڕیفراندومدا.

» چەند کۆمیتەیەک پێک بهێنرێن بە مەبەستی ئاسانکردن و هەڵسورانی ئەرکەکانی پێویست بۆ ڕیفراندۆم. وەک کۆمیتەی ناوەوەی باشووری کوردستان کە بەرپرسیاربێت لە کار و چالاکیەکانی ناوەوەی وڵات، دەستەی بەڕێوەبەر، بەرپرسانی ڕاگەیاندن، کۆمیتەکانی ناوچەکان و شارەکان.

» کۆمیتەی دەرەوەی وڵات کە بەرپرسیار دەبێت لە ئەرک وچالاکیەکانی دەرەی وڵات. بە زووترین کات دابمەزرێت وهەوڵ بدرێت لە هەر وڵاتێک کۆمیتەیەک پێک بهێنرێت و پەیوەندی بە پارت و ڕێکخراوەکان و حکومەتەکانی وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکا و ئوسترالیا و کەنەدا و هتد. . بکرێت. ئیمزا کۆبکرێنەوە، خۆپێشاندان بکرێن، سمینار ڕێکبخرێن و پەیوەندی بە سەنتەرەکانی بڕیارەوە بکرێت و هتد. . . . چەندین کەسایەتی نیشتمانی لە دەرەوەی وڵات هەن، پێویستە سوود لە تواناکاتیان وەربگیرێت بە چەندین شێوە.

» هەوڵ بدرێت هاوکات لە ڕۆژی دەنگدان لە سەر ڕەشنووسی دەستووری عێراق، ڕێفراندوومیش بەڕێوەببرێت بە شێوەیەکی ڕەسمی.

» هەوڵ بدرێت گەلی باشووری کوردستان بە هەموو چین توێژەکانیەوە بەشداربێ لە پرۆسەی خۆ ئامادەکردن بۆ ئەو ڕیفراندۆمە. تاوەکوو ڕیفراندۆم ببێ بە موڵکی گەل و هەموو پارت و ڕێکخراو وکەسانی سەربەخۆ و ڕۆشەنبیران و سیاسەتمەدارانی کوردستان و هەمووان دەنگیش بۆی بدەن.

» چونکە هەندێ کەسایەتی بانگەوازی ڕیفراندۆمیان ڕایانگەیادوە و دەستپێشخەربوونە و دواتر هەندێ ڕێکخراو و کەسایەتی تر لە دەوری کۆبۆنەتەوە دەبێ ئەم لایەنانە بە شێوەیەکی چالاک دەست بەکار بن، دوور لە بەرژەوەندی کەسایەتی و ناوودەنگی، چونکە ئەرکێکی پیرۆز و چارەنووسسازیان هەڵیانبژاردوە و بەرپرسیارن بەرامبەر بە هەموو گەلی کوردستان.

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی نووسەرەکەیەتی، کوردستان نێت لێی بەرپرسیارنییە.